# "بەغدا نیوەی ڕێتان بێ"

بۆ ئەو دەسەڵاتدارانەی کۆسپن لەبەر دەم پرۆسەی ئازادی کوردستان و
یەکبوونەوەی حکومەت و ئەکتیف بوونی پەرلەمان*

ئیبراهیم مەلازادە
Malazada86@hotmail.com

بە داخەوە جارێکی تر دسەڵاتدارانی کورد سەلماندیانەوە کە ئەوان نە لە ئاستی بەرپرسیاریەتی نەتەوەیی دان و نە شێری ڕۆژی زیللەتیشن. ئەوەی ئەوان لەو چرکە ساتانەدا تێی کەوتوون بێ مانابوونە بە هەموو پێوەرەکان، لە کار وەستانی عەقڵ و هزرو سۆز و ویژدانە، لەدەستدانی دەرفەتە مێژووییەکانی خەڵکی کوردستانە. زۆریش بەداخەوە کە ڕۆشنبیران و زۆربەی خەڵکی کوردستانیش جڵەویان داوەتە دەست قەدەر و دەست ئەو بەرپرسانەی کە میەللەتەکەیان دەکەنە قوربانی خواستە حیزبی و خێڵەکیەکانیان.

ئەوە ئەو دەسەڵاتدارانەن کە دەیانەوێ پیشانی دونیای بدەن کە کورد بنەمای نەتەوەیی نین و پێکهاتەیەکی خێڵەکی دواکەوتووی ناسازە، ئەوە دەسەڵاتدارانی کوردن داخوازی نەتەوەیەک ژێر پێ دەخەن و گاڵتە بە چارەنوسی دەکەن. ئەوە ئەوانن بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ وەڵامی دونیا و خەڵکی کوردستانیش دەدەنەوە داخۆ کورد بۆ ئەو هەموو سەدان ساڵە بە کۆڵی ماوەتەوە!!

ئێستا دەگەینە ئەو قەناعەتە کە کاری ئەوان تەواو بوو. بەڵێ کاری ئەوان بە بێ گومان و دڵەڕاوکێ گرێدانەوەی باشووری کوردستان بوو بە عیراقی عەرەبی و ئینجا بەتاڵکردنەوەی دەزگاکانی هەرێم لە هەموو ماناکانی دوای ئەوەی لە یەکەم هەنگاوی سەرەڕۆیاندا لەیەکتریان ترازاند و کردیان بە دوو لەتی ناساز و نادروست. ئەوان ئەو سەردارە بە هێزە بوون کە بتوانن ببنە پاڵەوانی شەڕی ناوەخۆ و ئێستاش بەتاڵ کردنەوەی ئەو پەرلەمانەی کە لە ژێر سێبەری شەرعیەتی نێودەوڵەتی هەڵبژێردراوە لە هەموو مەعقولیەتێک و ئیفلیج کردنی. ئەوە ئەوانن لەبەر ئارەزوو چڵێسی دەسەڵات کەرکوک و شار و شارۆچکەکانی تری ڕزگار نەکراوی کوردستانیان دیزە بە دەرخونە کردن و پشبرکێیانە لەسەر عەرەبی دوانزە هەزاری.

جارێکی تر چۆن ئەو پەنجەیە ناشکێنین کە بۆ پاڵەوانانی شەڕی کوردکوژی مۆر دەکات، ئەو پاڵەوانانەی کە شەرعی ترین دەزگای گەلی ستەمدیدەی کوردستان ئیفلیج دەکەن و دەنگ و ڕەنگی ڕۆڵەکانی دەکەنە قەشمەرجاری ناحەزان و بکوژانی گەلی کورد.

ئێوە عیراقتان دروست کردەوە و دەتانەوێ کوردستانی بە قوربان بکەن و بیکەن بە پارویکی چەوری ئاسان بۆ دەسەڵات و خێزانەکانتان. ئێوە وادەزانن ئەو میللەتە خوڵامی تاهەتایەی باوکی ئێوەیە و دەبێ سەر بۆ داخوازیە تەسک و تاریکبینەکانی ئێوە شۆڕتر بکات. عیراقتان دروستکردەوە و دابەشبوونی باشووری کوردستانیشتان ڕیشەدارتر کرد و حاڵی پەرلەمانیش لای هەموان ئاشکرایە لە چ قەیرانێکی گەورە دایە.

گەمەی دیموکراسی لە سەروچاوەی لە دایک بوونی دیموکراسی لەبەر چاوی هەموان ئاشکرایە چۆنە و چۆن بەرێوە دەچێ. کێ متمانەی گەل بەدەست دێنێ ئەوان دەسەڵات دەگرنە دەست، لە دەسەڵاتیشا وەکو فەرمانبەر کار دەکەن و ناتوانن سازش لەسەر بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوەییان بکەن. لە ڕووداوی هەر فەزیحەتێکیشدا دەبێ هەر خێرا ملی خۆیان بشکێنن و پایدۆزی لێ بکەن. ئێوە بەر لە هەڵبژاردن هەموو شتەکان دەبڕیننەوە، ئینجا پرسە خەسوانێ بە خەڵک دەکەن. ئەوە دیموکراسیەتی شاخداری پیدەڵێن! دیموکراسیەتی عەرەبی. ماڵێک وە ماخۆی نەچێ حەرامە.

ئێوە سەلماندتان کە شایەنی ئەوە نین دەزگاکانی کوردستان بەرێوە ببەن و نوێنەری کەس و کاری ئەنفال و کارەساتەکان بن. ئەو گۆڕەپانە هی ئەو کەسانەیە کە بەرژەوەندیە تاکە کەسی و حیزبی و خێڵەکیەکان لە ژێر پێ دادەنێن و بەرژەوەندی نەتەوەیی دەخەنە سەر سەریان، حاشا ئێوە نە دیموکراسین و نە شۆڕشگێر و نە دڵسۆزی نەتەوەکەشتانن. تاکە شوێنی ئێوە بەغدایە و بگەڕێنەوە بۆ بەغدا، بۆ پێتەختی ڕەشید، سەروەر و ڕێبەری تەقلیدیتان، ئەوەی کە فەزڵی بە مەوالی بوونی پێبەخشین و ئێوەش شوکر و سەنای بۆ دەکەن. پێشەوایەتی کردنی گەلێکی مەزنی بێ پشت و پەنای هەزاران قوربانی بەخش شایەنی ئێوە نیە، بێجگە لە ئاخافتن بە

زمانی بێگانە و خزمەتکردنی ئەوان. بێحیکمەت نەبوو دەیان دارو دەستە و ئەندام و لایەنگرتان خاوەن فایل بوون و لە ڕیزەکانی ئێوە دزەیان کردۆتە ناو ڕیزەکانی دوژمن. ئێوە ئەو دەنگە پیرۆزانەتان نەپاراست کە پێتان ڕەوا بینران، بە ئومێدی ئەوەی بەخۆتاندا چووبنەوە و عاقڵ بووبن، بەڵام بەخۆڕایی نەگوتراوە خووی شیری تا پیری. ئەگەرئێوە بە حەق بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەکەتان بوێت بە ئاسانی دەگەنە چارەسەری هاوبەش بۆ هەموو گرێکوێرەکان. ئێوە شایەنی بەغدان و مەیەنەوە بۆ کوردستان. بڕۆن بەغدا نیوەی ڕێتان بێ.

*** *** ***

---

* چونکە زۆر شت لە هاوڵاتیان دەشاردرێتەوە و ڕووداوەکانی دوای پەردە ئاشکرا ناکرێن و زۆر شت نازانرێن، بە باشم زانی وشەی "هەموو دەسەڵاتداران" بەکار نەهێنم، چونکە پێم وانیە ڕەوا بێ هەموو یەکێک بخەینە یەک تایەی تەرازو و هەموو وەکو یەک وابن، هەندێک جار خەڵکانی ناو یەک حیزب وەکو یەک نین، بەڵام بە ڕاستی دەزانم ئەو بەرپرسانەی بەرژەوەندی نەتەوەکەیان لەبار چاو دەگرن بێنە بەردەم کامیراو ڕاستیەکان بۆ خەڵک ئاشکرا بکەن بۆ ئەوەی تەڕ و وشک بەیەکەوە نەسووتێن.